# له یادی گیان بەختکردوو، شاعیر بەکر عەلی دا

سەردار عەبدوڵا
sardar2@spray.se

یەکی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٤بوو، دانیشتوانی خانووه قوڕینەکانی حامیەی سلیمانی. ژنان و پیاوانی جل شڕ و سك خاڵی، منالآنی پیێ خاوس و ڕەنگ له ڕوودا نەماو، ورده ورده بەرەو باڵەخانی پارێزگای سلێمانی کەوتبوونە ڕێ، بەو هیوایەی پارێزگاری سلێمانی مەرحەمەتێك بنوێنیٚ و ڕێگەیان بدات له کەلاوه خاپورکراوەکانی حامیەی تاواندا ژیانی قوڕینی خویان درێژه پیێ بدەن. له نیوٚ ئەو ئاپورایەدا له نیوٚ ژنانی ڕەشپوٚش و برا و مێرد ئەنفال و پێشمەرگەدا، لەنێو پیاوانی بێکار و ڕاپەریوی ئازاردا بەکر عەلی دەبینرا، بەکر عەلی سادده بوو هەروەك ئەوان برسی بوو هەروەك ئەوان توڕه بوو له یاساکانی دارستان هەروەك ئەوان. بەکر عەلی ڕابەری خوٚشەویستی ئەوان بوو سیمای ئەو هەمیشه نەگوٚڕ بوو دوٚستان و دوژمنانی به ئاسانی دەیان ناسیەوه ئەو له هەموو لایەك تەنها به یەك دەست جلەوه دەبینرا، شەرواڵ و کراسێکی خەت خەت، ڕیشێکی پڕو کاسکێتێك له سەرا، هەرچەند ئەمە حەزی بەکر نەبوو که گەنجێکی وەك ئەو تەنها کراس و شەرواڵێك شك بەرێت. هەر بوٚیە پاسەوانەکانی پاریزگا به ئاسانی و به کەمترین باسکردن بوٚیان بەکریان بوٚ دەستنیشان دەکرا.

ئەو ساته بەکر دەیزانی که دەنگی گولله گوێی خوٚپیێشاندانه بێدەنگەکەیان کەڕدەکات ئەو دەیزانی که بوٚسەی مەرگ بوٚ ئەو ئامادەیه، هاوڕێکانیشی زوٚریان لێکرد که ئەم جاره ئەو نەڕوات و کەسێکی تر به نوێنەر بچێته لای پارێزگار بەلآم بەکر نەیتوانی ئەو داوایه قبولٚ بکات. ئەوه بوو ئەو ڕوٚژه ئەیلولیەی سلێمانی به خوێنی ئەو سوور ئەچووەوه.

بەکر، تا ئەو کاتەی هاوڕێکانی دوا ماڵئاواییان لێکرد خوێنی گەش له جەستەی بیٚ گیانی وەك بریندار له بەر ئەڕوٚشت، دیار بوو بەکر بەلێنی دابوو که به کفنی سوورەوه نەبێت نەچێتەگوٚڕەوه.

بوٚ ئیوارەی ئەو ڕوٚژه خوٚپیشاندەران به یاسا شکێن و بەدڕەوشت و کانگای فەساد له لایەن پارێزگای شارەوه درانه قەڵەم شاعیری هەست ناسك و ئیناندوٚست بەکر عەلی، ئەو شاعیره بوو که هەمیشه سرودی خوٚشەویستی و ئەڤینی بوٚ ژیان بوٚ مروٚڤەکان دەووت، دەنگی ئەو ئەو دەنگه یاخیه بوو که گەماروٚدرابوو له چوارلاوه، ئەو دەنگه بوو که دەستەلآتداران و پیاوماقولآنی شار نەیان دەویست بەرزبێتەوه، ووشەکانی ئەو پەیامێکی مەزن بوون هەر بوٚیه نەیاندەهێشت بێته سەر لاپەرەی سپی و بوٚری ڕوٚژنامەکان، میکروٚفوٚنەکانیش له بەرامبەر دەنگی ئەو کوژابوونەوه و ببوونه سانسوٚرچی. بەلآم دەنگی بەکر ووشەی ڕاساو و خاراوی بەکر له کوٚلآنه تەسك و تاریکەکانی شار له خانووه قوڕ و بیٚ تاپوٚکانی شارەوه وەك گڕی نەوروٚز بەرز دەبووەو و پەیامی خوٚشەویستی و دەنگی هاوچینەکانی به هەموو خەڵکی شار دەوت

بەکر عەلی، خەباتکارێکی ڕێگای یەکسانی خوازی و ڕادیکالیزم بوو، ڕابەرێکی خۆشەویستی بێکاران و بێ لانەکانی کوردستان بوو، بەکر عەلی، کە تەواوی ژیانی زەحمەت و قوربانی دان بوو،شیعرەکانی لە دایك بووی ژووری تەڕ وشیدار و بێ کارەبا بوو، هەربۆیە ئاساییە کە خولیای ڕۆژی سەرفرازی و هەوای پاك و ماڵی ڕوناك بوو بۆ هەموو ئەو هاوچینانەی کە وەك ئەو لە خەمی ژیانێکی تردا بوون، بۆ ئەو کەسانەی کە ماڵە قوڕ و لە تەنەکە دروستکراوەکانیان لە سەر نەخشەی دائیرەی شارەوانی بوونی نەبوو، بێ هێڵی کارەبا و تەلیفۆن بوو.

بەکر عەلی، یەکێك بوو لەو ئالاّ سوورانەی سەردەمی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، کە بە نەوی بوون و کەوتنە زویی سەدان ئالاّی ڕەش لە خانووە بێ تاپۆکانەوە بۆ پرسەکەی هەستانە سەرپێ‌و نەئیان بە دەستەلاّتدارە چەك بە دەستەکانی دانیشتووی کۆشك و تەلارەکانی شار ووت.

بەڵی بەکر عەلی ئەو مۆمە بوو، کە بۆ ڕوناککردنەوەی ژیان سووتا، بەڵام دەستەلاّتدارانی شار و ڕابەرانی کوردایەتی فوویان لێکردو ئەو دڵە گەورەیان لە لێدان خست. بەمە کریکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، بێ خانەولانەکانی شار ڕابەرێکی خۆشەویستی خۆیان لە دەست چوو، دڵداران و کوران و کچانی ئاشق و دڵ پڕ لە هیواکانی شار شاعیرە هەست ناسکەکەی خۆیان لە دەست سەندنەوە. بەڵی بەکر نووست و لە وڕۆژەوەی کە فیشەکی غەدر لە دواوە گیانی لێسەندەوە،شیعری نەوت، چونکە ئەو شاعیری چرایەك نەبوو لەگەڵ فووا پەنجەیان تێك هەڵکێشابێ، بەڵێ، شاعیری ولاّتێکیش نەبوو کە پۆلیسەکانی شیعرەکانیان ڕاونابێ.

شەوی شەشەم

ئەمشەو من و پەنجەرەکەم
دوو هاوڕێی گیانی بە گیانین
ئەو با دڵداریەتی و منیش
خانمێکی سەر لێ شێواو
ئەمشەو من و پەنجەرەکەم
دوو تەریکی شارێکی پڕ لە تلیاك و
کەڵبەو.. قەڵەمی سوزانین،
ئەو با دڵدارێتی و منیش..
چەمێکی دەستەمۆکراو.
دە ئەی پەنجەرەی داوێنم
زویر نەبی ئەمشەو ئەنووم...
هۆ خانمکەم
تۆش ئەی هەڵبەستەوانی زووم

**ئەمشەو ئەنووم.. شیعر نالێم**

**شیعر مۆمێکە پێ نابێ**

**من شاعیری چرایەك نیم**

**لە گەڵ فوا.**

**پەنجەیان تێك هەڵکێشابێ**

**من شاعیری ولاٌتێ نیم**

**سەدان شەو پۆلیسەکانی**

**جرِت و..**

**تف و...**

**لیسەکانی..**

**خواو..**

**ئەستێرەو..**

**خۆشەویستی و..**

**شیعرەکانمیان ڕاونابێ**

**خۆشم ناوێن هۆ ئەوانەی خۆشم ویستون**

**لەم شەوەوە خۆشم ناوێن**

**ئێوە شەهوەت بە دەمارتانا ئەگەڕێ**

**خۆشم ناوێن**

**خۆشەویستیتان... سەگێکە پێم ئەوەڕێ.**

©Kurdistan Nêt